**<u>أسماء الله وأفعاله الحسنى (٧)</u>**

بسم الله الرحمن الرحيم

(وَالْعَصْرِ * إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ *إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ*) (العصر)

لەلیقائەکی تازە لەخزمەتتان بەردەوام دەبین لەباسەکانی ئەسمائ و ئەفعالە پیرۆزەکانی باری تەعالا، ئەمما وەکو پێویست ئەوە تەقریبەن چارەمین لیقائە لە خزمەتتان بەحسی ئەوەی دەکەم، ئەو قەواعیدانە یان تیکراری قەواعیدەکانی پێویست، کە مەربوطە بە ذاتی ئینسان، وفقی ئەو قەواعیدانە دەکرێ ئەمە لەداخیلی خۆمان پاش ئیجادکردنی لە داخیلمان عیلاقەی صەحیح و صەمیمی بەینی خۆمان و بەینی باری تەعالا دروست بکەین، یەکەمین نوقطە کە بەحسمان کردیە ئەوە بووە، کە باری تەعالا جل جلالە خۆی موهەیمینە، خۆی مونەززیلی مەنهەجە، وە وفقی صیغەی مەنهەجی خۆی دەبی ذەوات، بەشەر، خوای بناسن، چونکی خۆی خالیقی داخیلی ئینسانەکەیە وە دەشزانی ئەو ئینسانە کو؟ کەیف؟ وە مەتا؟ وە کەم؟ وە وەسیلەکانیش کە خۆی تەحدیدی کردینە ئەوانە هەمووی لە داخیلی ئینسان تەشخیص کا باری تەعالا، وە وفقی داخیلی ئینسان، کە دیسان خۆی قەواعیدی لە بۆ دانایە بێ خۆی تەعریف بکا لەبۆ بەشەر، لۆوەی وفقی ئا ئەو تەعریفاتانە، وفقی ئەو مەنهەجییەتە، وفقی ئەو (کەم)مەی، وە ئەو نەوعەی، حەجم، وفقی تەرتیب، خوای خۆی بناسی. لۆێ کە هەموومان موتتەفیقین باری تەعالا ئەوەی دابەزاندیە وە لە ڕێ ی وەش کە قورئانە(کلام الله)ە وە لە ڕێی وەش یەکەمین شەخص ئیمانی بە ذاتی الله دروست بووە، وە ئەو شەخصەش هەر بەو طەریقەیەی ئەو نەوعە ئیمانەش بەو کەیفیەی کە پێی بوو لە داخیلی، ئەوەی تەحویل کردتە سەر دەوائیرە قەریبەکانی خۆی، هەر لە حەزرەتی خەدیجە رضي الله عنها وارضاها، هەر لە ذاتی زەید، علی بن أبي طالب، وە أبو بکرابن الصديق، إلى آخره. هەموو تەسەلسولی جەمعی صەحابەی کیرام، لەگەر وەی چ قائیمەکی تکە نەهاتتە خوارێ، لەگەر وەی چ کیتابێك مولحەق نەهاتتە خوارێ، چ مەنهەجەك نەهاتتە خوارێ، ئەوە بە تەنێ بووە، وەبزانم ئیجماعمان لەسەر وەی هەیە، کە ئیجماعمان لەسەر ئەوەی هەیە، وەباری تەعالا کە خۆی واضیعی طەریقەی تەطبیقی خەریتەکەشە، خەریتە خۆی دایدەنێ، وە چۆنییەتی تەطبیقی ئەو خەریتەیەش خۆی موهەیمنە لەسەری، خەریتەکە کە دایدەنێ حەقیشی نەدایتە کەس برێ ئەتو برۆ بە کەیفی خۆت ئەو خەریتەیە دەست پێ بکە. خۆی خەریتەی دانایە وەخۆشی تەطبیقی خەریتەکەی دەکا، چونکی خۆی خۆی چاك دەناسی، وەکە ئەمەش

مەخلوقی وینە چاك ئەمە دەناسی، وە خۆی داخیلی مەی خەلق كردیە، وە طەریقەی ناساندنی خۆی لە بۆمە ئەو لە مە چاكتر دەزانی، ئەو لەمە عالیم ترە، ئەو لە مە لەبۆ مە بەرەحمترە، ئەو ئەحكەم ترە. لۆیێ هەر بەو طەریقەیە نموذەجیترین ئیمان وە صەحیحترین ئیمان، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) تانی لە داخیلی خۆی ئیجادكا، یاخود بالاحری ئیحیای بكا، وە هەر ئەو ئیمانەش ئەو نەوعە ئیمانە وە هەر ئەوەش تەقدیمی خەدیجەی كرا رضی الله عنها وأرضاها، تەقدیمی ئەبو بەكری كرا، تەقدیمی جەمعی صەحابەی كیرام كرا، لەگەر وەی چ كیتابەك نەبوو مولحەق بی، دەكرا باری تەعالا لە بۆ تەعریفی خۆی بلێین ئەوە مەتنە، ئەوە نەصصە، شروحاتی هەبی، لەبەر ئەوەی ئیرادەی خوای ئەوهایە ئەقدەسی علوم موقەددەسترین شت كە روسول پێغەمبەرەكان هەموویان وە ئەنبیائەكان هینایتیان لە بۆ ذاتی بەشەریەت، خودا ناسینی حەققە، دەكرا باری تەعالا دەیتانی قادیر بوو، لەگەر وەی، ئەو حەدیثەی پێغەمبەریش بكاتە ئایەتەك «ولله الأسماء الحسنى فادعوه بهاألاإِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْماً مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ » ئەویشی لەگەلی ئیلحاق كا ئەمما نەیكرد، چونكی خۆی عالیمە بەو طەریقەیەی كە داخیلی ئینسانی پێی خەلق كردیە، موشكیلەی مە ئەوەیە لەبەر ئەوەی حەفت سەد ساڵە موحتەمەلە زیاتریش بی، دەستی غەیر لەناو قالب كردنی فكری مە دایە، یەعنی حەتتا چۆنییەتی تەفكیر كردنیش غەیر لەبۆمان دادەنێ، لۆوەی ئەو تەفكیرە، نەتیجەكەی وفقی مەطلەب و ئیرادەی وی بی. فە ئا ئەو موقەددەسە مەعریفیە كە ئەنبیاءو روسول هینایتیان كە موقەددەسترین شتە (معرفة الله) خودا بە حەقیقەت بە بەشەر بناسینن، غەیر تانیتی گەورەترین ئیش لەسەر ئەو حالەتەی بكا، لۆیێ هەر لە زەمانی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بە ئیثباتاتی حەدیثی بوخاری و موسلیم رەزای خوایان لێ بی، پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) تەئشیرو تەعریفی ئا ئەو جەمعەی دەكا، كە پاشی خۆی پەیادەبن، حەتتا بەحسی نوێژیان دەكا، بەحسی طاعەتیان دەكا، ئەقرەئی خەلقن لە بۆ قورئان، نێوچەوان و چۆكیان لەبەر سەجدە دانان لۆ خوای هەمووی دەرزی، عالیمترین ئینسانی زەمانن، عاریفترین ئینسانی زەمانن بە قورئان، ئەوجە دەفەرمی: ئەگەر بمابام «لأَقْتُلَنَّهُمْ قَتْلَ عَادٍ ».(البخاري) ئەگەر بمابام وەكو قەومی عاد و ثمود شەرم لەگەل دەكردن. سەبەبی هەرە گرینگ ئەگەر بێینە سەر تەحلیلی قەضیە، ئەو ذەواتانە لە(معرفة الله) وفقی قورئان نەبوو، (معرفة الله) یان هەبوو ئەمما وفقی فكری خۆیان، وفقی تەصەووراتی خۆیان، گەورەترین ئیشكال لە فیكری ئیسلامی هەر لە زەمانی خولەفائەوە مەوجوودە هەتا ئێستا جیلا عن جیل ئەوە نەقل دەكرێ، هەتا ئێستاش. فە لۆیێ ئەو چارو پێنج قەواعیدەی سێ چار جارە تیكراری دەكەینەوە، بە تەصەووری خۆم ئەصوەب طەریقەیە لە بۆ خوناسین، ئەویش یەكەم: ئەوە بوو كە تەرتیبی قورئان كە لەبۆ ذاتی رسول الله (صلی الله علیە وسلم) دابەزیە، وە وفقی ئەو تەرتیبەی ئەوەی لە ناو تەرتیبەكەی لە ناو

سورەتەكان مەوجوودە لە ئەسماء و ئەفعالی خوای، وفقی ئەو ئەسماء و ئەفعالانە ذاتی رسول الله وە جەمعی صەحابەی كیرام خوایان ناسی. ئەوە ئەو حالەتە وەنییە حەیەویەتی مردبی، وەكو دەرمانەك لە صەیدەلیەك ئێكس پایەر بووبی، چونكی ئەگەر فیعلەن ئەو حالەتە بووبی دەبی ئەمە في لەو قورئانەی بدەین بلێین ئەو قورئانە حەیەویەتی نەمایە. لەبەر ئەوەی لەگەر ئەو قورئانەش مولحەقاتی تكە نەهاتیە، شوروحاتی تكە نەهاتیە ئیضافە بكرێ لەسەری، ئیذەن رسول الله (محمد صلی الله علیە وسلم)، وە جەمعی الذین آمنوا معە، بەس بەو طریقەیەی مەعریفەی صەحیحیان لە ذاتی رب العالمین كەسب كرد، وە تانیان وفقی ئەو مەعریفە صەحیحە تەعامول لەگەر باری تەعالا بكەن، عیبادەتی بكەن حەقیقەتەن.

نوقطەی دووەم: كە داخیلی ئینسان مەخلوقە، ئا ئەو داخیلە كە زەمینەو مەطارە لەبۆ أسماء الله الحسنی وافعالە، خودا خەلقی داخیلی كردیە، داخیلەكە بەس سی و دڵ و مەعیدە و ئەوانەی تێدا نییە، كە بەحسی صەدر دەكا باری تەعالا بەحسی قەلبیش دەكا، لە چەند جێیان دەفەرمێ: (لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا)(الحج ٤٦)(فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ) (الحج ٤٦)، ئەمە مؤمینین بەو ئایەتانە، وە فیطرە ئەصلی لە داخیلی ئینسانە، باری تەعالا كە خەلقی فیطرەی داخیلی ئینسانی كردبی، بیلا تەشبیە وەكو كاسێت، خۆشی دەتانی وەخۆی ئەعلەم وئەحكەم خالیقە بتانی فیعلەن ئائەو داخیلە پر بكا، ئەمما بەو كەممییەتەی وە بەو حەجمەی كە فیعلەن داخیلەكە ئیحتیاجی پێ یە، وەكو میثالی سابیق لە خزمەتتان بەحسمان كرد، كابرای نەخۆش كە دەچتە لای دوختۆر، دوختۆر دەرمانی لە بۆ دادەنێ پاشی تەشخیص، تەشخیصی نەخۆشیەكەی دەكا و دەرمانی لەبۆ دادەنێ، كە دەرمانی لە بۆ دانا دوو شتی پێ دەڵێ: ئەتو بەو كەممییەتەی وە لەوەندە زەمانەش دەبی دەرمانەكەی بخۆی، خۆ كابرا زۆر طەبیعیە هەر ئەو دەرمانەیە سی دەنكە حەبی تێدایە لەناو شووشەكەی، زۆر طەبیعیە بچتە مالێ هەر سی یەك لە دوو یەك قوتدا، ئەمما بە ئیجماع هەمووما‌ن دەڵێین موحتەمەلە پێ ی بمری، نەفسی ئەو دەرمانەی كە دوختۆر لۆی تەشخیص كردیە بە عیلاج، بووە سەم لە بۆی، نەفسی دەرمانە كە دوختۆر بە عیلاج لەبۆی دانایە بووە سەم، موحتەمەلە بیكوژی موحتەمەلە شتی دكەی لێ دروست كا، ئیذەن كەممییەتی دەرمان جەمی حەبەك، وە زەمەنی دانانی دەرمانەكەی شەش سەعات یەك حەب، ئەوە هۆردووك ئەصلەن لە عیلاجەكەی، یەعنی موحتەمەلە لەجیاتی شەش سەعاتان بلێ شەش رۆژ حەبەكی دەخۆم نەبتە عیلاج دەرمانە كە. ئەو میثالە ولله المثل الاعلی گەورەتری بكەین، كێ تەحدیدی (كەم) مو نەوعی عیلاقە دەكا؟ وفقی ئەسمائی خۆی لە بۆ بەشەر (الله) فقط، بەس باری تەعالا دەتانی بیكا، زۆر كەس هەیە ئیددیعای طوب دەكا، ئەمما هەتا شەهادەی نەبی لە جامیعە تەواو نەبووبی خەرك نەیناسی بی ثیقەی پێ نەكا ذەوات ناتانی بچتە

کنی بە مورتاحی لەبن دەستی درێژ ببی بە کەیفی خۆی سەمماعەی لەسەر سینگ و پشتی بینی و بیا، دەبی ئەو حالەتە مەوجوود بی، ئیذەن ثیقەی موقابیل بە طەبیب سەبەبی تەعلیقە، باری تەعالا دەزانی ئەو ذاتە داخیلی ئیحتیاجی بە چەند ئیسم هەیە، کەممییەتی ئەو ئیسمانە بیلا تەشبیە وەکو دەرمانەکەی، وەکێهان ئیسم دەبی پێشی کیهان ئیسم بەحس بکرێ ئەویش باری تەعالا خۆی داخیلی ئینسانەکەی خەلق کردیە ئەوەش دەزانی، وە تەرتیبی ئەو ئەسمائانە کە دێتە خوارێ ئەویش هەر باری تەعالا موهەندیسە، چونکی خۆی خالیقی داخیلی ئینسانەکەیە، وەخۆی دەیەوێ ئەو ذاتە بە حەقیقەت بیناسی نەك بە دیبلۆماسیەت و تەفەننون. لۆیێ (کەم)مو حەجمی ئەسماء دەبی دیسان لە قورئان وەربگیرێ وە وفقی تەرتیبی نزول.

سێ یەمین: گووتمان لوغەو لیسان فەرقی هەبوو، لوغە ئا ئەوەیە کابرای بەغدایی قسەی پێ دەکا ئەوە لوغەی عەرەبی پێ دەگۆترێ، گوتمان لیسان زۆر لەوەی شامل ترە، لیسان زۆر لەوەی عەمیق ترە، قورئان بە لیسانی عەرەبی موبین هاتیە نەك بە لوغەی عەرەب، ناکرێ ئەمە اسماء الله وافعالە بیگێرینە سەر لوغەی عەرەبی ئەو وەختی تەفەهھوم لە ئەسماء و ئەفعال بکەین. ئەو جوملە شەرائیطانەی کە بە لیسان مەربوطە هەمووی قەطع دەکەین لێی، بیلا تەشبیە ئینسان کامیل بی بە دەست و بە چاو بە پێ و بەسەرکو بە گێ و بە زمان و بەوانە ئینسانی کامیلە، کە زمانی نەبوو لاڵە بەرێ ئینسانە ئەمما لاڵە، کە دوو دەستی نەبوو بەرێ ئینسانە ئەمما دوو دەستی پێوە نییە، کێهان جوزء لە جوزئی بەدەنی ئینسان قەطع بکرێ ئەو جیهازەی ئەو جوزئەی کە لە بە دەنەکەی قەطع کرایە ناتانی ئەدای وەظیفەی خۆی بکا، لۆیێ پێ ی دەگوترێ ئینسانە ئەمما لەو جانیبەی ناقیصە، ئەمە هاتینە اسماء الله وافعالە بە ناو لوغەی عەرەبیمان دا هینایە، لۆیێ جوملەك ئەسماء دەرچووە حاشاکی ئەسماءو ئەفعالەکان، بەعضەکی گێ ی پێوەنییە بەعضەکی دەستی پێوەنییە بەعضەکی چاوی پێوە نییە، لۆێ لە ئەثنای تەعامول لەگەر ئەسماءو ئەفعالەکان کە تەجزیئە کرایە لە مێشکمان ئیسم و فیعلی خوای لۆیێ بەو جوزئیەتەی لەگەل ئیسم و فیعلەکەی تەعامول دەکەین، لۆیێ زۆر طەبیعیە کێهانمان لەمە لە مەوجوودین نازانین خوا بەصیرە، کێهانمان ئەوەمان گێ لێ نەبووە؟ چەند جار لە قورئان خیندیتمان خودا سەمیع و بەصیرە، حەتمەن ئەوەی مەوجوودە ئەوەی هەر گێ لێ بووە، باشە فیعلەن لە ئەثنای کە شەیطان هوجومی خۆی هینایە، فیعلەن تانیتی سەمیعی خوای لە داخیلی خۆی ئیجاد بکا یاخود بەصیری خوای لە داخیلی خۆی ئیجاد بکا بلێ خوا لێرە دەمبینی با ئەو گوناهەی نەکەم، نەخێر موحتەمەلە ان شاءالله بووبی ئەمما کەمە، سەبەبەکەی چییە؟ فیعلەن ئا ئەو جوملە تەرتیباتانە لە ناو دەواخیلمان نییە، نوقطەی موهیم ممارەسە نەکردن لەسەر ئا ئەو تەوقیفیە ئەو حالەتە، دەخینین لە کوتوبی عەقائید باری تەعالا خاصصەتەن فکری ئەشعەری، عەقیدەی

ئەشعەری دەڵێ هەموو ئەسمائی خوای حەفتە، عیلمەن پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) پێ ی ئیحصا نەکرایە، پێ ی تەحدید نەکرایە، کەیفە ئەو عالیمە ئەوقسەیەی کرد؟ بە چ دەلیلەك؟ بە دەلیلی عەقل، باشە عەقلی وی قیاس و مەنهەجە لە بۆ عیلاقە دروست کردن بەینی ذاتی رب العالمین وئینسان، بەشەر؟ یاخود حوکمی باری تەعالا و ئەحکەمییەت و ئەعلەمییەتی باری تەعالا، ئەوەی پێشی ئیمامی ئەشعەری ئیمانی هینایە موقایەسەی ئیمامی ئەشعەری پێ نەبووە دەبی فیعلەن ئەو ناقص بووبی لە ئیمان؟ بەعەکسەوە ئەو ئەکمەلترە لە ئیمان. لۆیێ گەورەترین ئیشکال لە بۆ ئەهلی ئیسلام دروست بووە فیعلەن قەواعید دانان بە غەیری ئەو چار قەواعیدانەی کە ئێستا لە خزمەتتان بەحس کرا، لوغەی عەرەبی بکرێتە قیاس و معیار لەبۆ تێگەیشتنی اسم الله ئەو فیعلوهو، یاخود (کەم)مەو حەجمی کە باری تەعالا تەحدیدی کردیە وەکو دەرمانەکە، ئینسانی موسوڵمان ئیهتمامی نەداتێ. لۆیێ جموعەك لەمە دروست بووە زۆر جار لەگەل باری تەعالا بە تەفەننون تەعامول دەکەین. مەبدەئەك هەیە لە کوتوب ناوی(علم اصول الفقهـ)ە رەحمەتی خوایان لێ بي عولەما دایاننایە لۆوەی لە دین تێبگەین، زۆرجار ئەو قەواعیدانە لەگەل ذاتی رب العالمین تەعامولی پێ دەکەین، مەثەلەن (الضرورات تبیح المحضورات) مەثەلەن مادام ضەرورەت وەدەکا ئەمن ئەو حەرامەی بکەم یان ئەو حەرامەی بخۆم یان ئەو درۆیەی برێم، دەیرێم، لەبەر ئەوەی کابرای قاعیدەدانەر، ئوفوقی تەماشای بەشەری کردیە، حیسابی ئەوەی نەکردیە خۆی موئمینە موتتەقیە ئەمما ئەجیالی پاشی خۆی دێ موحتەمەلە وەکی وی نەبی، لۆیێ بە عەشەرات گوناهـ دەکا شەبابی صەحوە وفقی ئەو قاعیدەیەی (الضرورات تبیح المحضورات) موطلەقە. ئەوەیە موشکیلەی مە، جیلەك وەکو سەید رەحمەتی خوای لێ بی دەفەرمی: قورئانی ئیعادە نابتەوە بەوانەی کە ئێستا مەوجودە، قورئان جیلی قورئانی دروست دەکا، قورئان دەتانی عیلاقەی صەحیح وەنموذەجی لەبەینی ذاتی ئینسان لەگەل رب العالمین دروست بکا، ئەمما قورئانەك حەی، کو رسول الله محمد (صلی الله علیه وسلم) بەو حەیەویەتە لەگەل قورئان تەعامولی دەکرد، بەو حەیەویەتەی دەبی لەگەل قورئانیش تەعامول بکرێ. کوتوبی عەقائید رەحمەتی خوای لە هەموویان بی، بەڵێ خزمەتیان کرد، ئەمما با لەبیریشمان نەچی تازە بەحسی ئەوەم کرد لە تاریخەکی درێژە، تاریخەکی درێژە دەست لەناو دین دانرایە، بە جوملەك ئومور، یەك لەوانە کە گوتمان عیلاقە تەحدید کردن بەینی ئینسان و رب العالمین یان معرفە الله حەقیقەتەن ئینسان خوا بە حەقیقەت بناسی، ئا ئەو عیلمە موقەددەسە کە ئەنبیاء و روسول لە بۆی هاتینە و تەوضیحیان دایە بە نیسبەت بەشەریەت، بە تەسەلسولی تاریخی ئەگەر بە دووی دابچین ناوی علم الکلام بووعلم الکلام. یەعنی ئەو هەموو موقەددەساتە ئەو هەموو قەضیە ضەخمە بوویتە علم الکلام. کابرایەك ئەگەر لە عیلمی عەقائیدی ئێستا کە ناوی لێنرایە بە عەقائید، عالیم بایە بە عەقائید ناویان دەگۆ

موتەکەللیم، کابرایەکی موتەکەللیمە یەعنی قسە زانە، عیلاقە دروست کردن بەینی ئینسان، بەشەر، لەگەڵ ذاتی رب العالمین ئەو هەموو ضەخامەتە ئەو هەموو قودسیەتە عەظەمەتە ببتە کەلام! بەڵێ، لۆ؟ قەناعەتتان هەبی کە موصطەلەحاتیش داندرایە هەمووی بە دەقیقی داندرایە، لە یەکەمین دەرس لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کردئیسم دەلیلی حەقیقەتە، هەر ئیسمەك یدل علی حقیقتە لۆیێ رب العالمین لە قورئان دەفەرمی: (وَلِلَّهِ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى) (الأعراف ١٨٠) بە کابرای موشریکیش دەفەرمی: (إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ) (النجم ٢٣) حەقیقەتی نییە، أنتم سمیتموها(مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ) (النجم ٢٣)، ئیذەن ئیسم ئەثەری هەیە لە داخیلی ئینسان، لۆیێ گوتمان پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) کە کابرای صەحابی دەهات ناوی صەعب بوو دەیکردە سەهل، ناوی عبدالعزا بوو دەیکردە عبدالرحمن، چونکی ئیسم ئەثەری هەیە لە موسەمما حەقیقەکی پێوەیە حەتمەن. موصطەلەح دانان لە دینی مە بەو تەرتیبەی داچووە، معرفة الله بەینی ذاتی بەشەر و ذاتی الله ئەو هەموو مەعریفەیە ئەو هەموو ضەخامەتە هەموی گچکە بکرێ گچە بکرێ لە عیلمەك ناوی کەلام بی، مەقصودە ئەوە، پاشان ئەوە تەطەوور بکا سەبر سەبر یەعنی کابرا طەبعەن کوتوبمان هەیە موجەللەداتمان هەیە لەو موضوعانە، کە دادەنیشی مەثەلەن (یدالله) مەذاهیب هەیە بیست و قوسور مەذهب هەیە فیکری لەناو دینی ئیسلام لەو مەوضوعەی ئیشکالی هەیە، ئایا یدالله (قدرة الله)ە یدالله (علم الله)ە؟ لایەزالیش حەسم نەکرایە، لایەزال حەسم نەکرایە قەضییە، هەتا ئێستا لەبۆمە لەبۆمە ئەمە ذاتی رب العالمین بە حەقیقەتی خۆی بەحس نەکرایە هەتا ئەمە فیعلەن خوای ئەوها بناسین بتانین عیبادەتی بکەین، بتانین بە حەقیقەت عیلاقەی لەگەڵ دروست بکەین، بەشەر لەگەڵ بەشەر عیلاقە دروست دەکا نوقطەی یەکەم تەعاروفە، ئەها کە دەست لەناو دەستی یەك دادەنێن تەعاروف دەکەن لەگەڵ یەکتری، هەتا یەکتری بناسن ئەو هەویەی خۆی تقدیم دەکا ئەویش هەویەی خۆی فولان کوری فولانی ئیشی فولانی عومری ئەوەندە هیوایەتی ئەوها چەند بە عومقی یەك دابچن مەعریفەتیان بەرامبەر یەکتر زیاتر دەبی، ئەگەر ئەمە خوایەك لە مێشکمان لە تەصەوورمان لە ذیهنمان لە قەلبمان مەعاریفی نەبی دەلائیلی نەبی، هەموی مەجهولات بی هەموی موصطەلەحاتەك موبهەم بی، تێی نەگەین، کو عیبادەتی بکەین؟ مەجهولە، مع الاسف، ئەمما حەلمان هەیەئەمە الحمد لله، باری تەعالا دەیزانی ئەو حالەتانە دروست دەبی لۆیێ حیفاظەتی لەسەر کردیە. تەطەوور بوو علم الکلام ناو بوە عەقائید کەلیمەی عەقیدە، عەقیدە لە چی هاتووە؟ لە عوقدەوە هاتووە، عوقدە یەعني گرێ نەك کردنەوە گرێ دان نەك سەهل کردن تەعقید. خۆی کە علومی عەقائید کتابی عەقائید لەوەوە خۆیان بەحس دەکەن لە عوقدەوە هاتیە ئەوجە عوقدە چ بکەن باشە، عوقدە بە قەلبەوە دەبی تەعقید بکرێ، باشە ئایەتەك حەدیثەك نییە لەسەری، لۆ ئەو قەلبە تەعقید بکرێ؟ ئەو قەلبە لەبۆ

ئینشیراح هاتیه ئینشیراح بکریَ (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) (الشرح ١) نەك تەعقید بکریَ نەك گریَ بدریَ، بکریَتەوە، تەبسیط ببی، سەهل بکریَ. لۆیێ قەضییە مەثەلەن چوینە خزمەت کیتابی عەقائید مەجموعە ئیسمەك لە ناو کیتابەکەی دا مەوجودە بەحسی ئیسمەکان دەکا بە لوغەی عەرەبی، باشە ئەمن گەنجەك بێم ئەو کیتابەی بخینم فیعلەن وفقی ئەو کیتابەی دەتانم خوای بناسم، یامە کیتابی عەقائیدمان خیندیە، کێ هەیە لە جموعی حاضرین کیتابی عەقائیدی نەخیندبی. ئیذەن موشکیلەمان ذهن نییە اسماء الله زۆر لە ذهنمان هەیە، ئەمما خوای وفقی حەقیقەتی خوای نەمانناسیە موشکلەی مە ئەوەیە، لۆیێ ئەوە رەئی منە هەتا دیسان ئیعادەیە دیسان:

یەکەم: وفقی تەرتیبی اسماء الله کە لەبۆ ذاتی رسول الله هاتتە خواریَ خوای نەناسین ناتانین خوای بە کامل بناسین ئەوە یەك.

دووەم: بە حەجم و بەو کەممییەتەی کە دیسان لە بۆ پێغەمبەری هاتتە خواری (صلی الله علیه وسلم) دیسان ئەوها خوای نەناسین خوا ناناسریَ.

سێ یەمین: دەبی دیسان قورئان ببتە موهەیمن حاکم نەك لوغەی عەرەبی، نەك فعل و فاعیل و مەفعول، نەك قیاسی ضەرەبە زەیدو عەبدەن، هەء، قورئان دیسان، موحتەمەلە ئەمن ضەرەبە زەیدو عەمرەن نەزانم، فعل و فاعیل نەزانم، نابی خوای بناسم؟ کابرای خۆشناوی سەر چیای نازانی نابی خوای بناسی؟ کابرای ئەفریقی نازانی نابی خوای بناسی؟ ئەوە تەعقیدە لە قەضیە. ئەوجا پاشان مومارەسەی ئەو حالەتە سەر مەخلوقاتی خوای لۆوەی فیعلەن ئیسم و فعلی خوای کەشف ببی. لۆیێ بە هەموو ئەسەفەوە کە کتوبی عەقائید بەحسی صیفات دەکا، خودا صیفاتی نییە لە قورئان، موتەقددیم ترین کیتابیشە هەتا ئێستا، نووسرایە ئەلفولان ئەلفولانی لأسماء الله الحسنی وصفاته، خودا لە قورئان صیفاتی نییە، نەی فەرمووە ئەمن صیفاتم هەیە، بەشکو فەرموویتی (سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ)(الصافات ١٨٠) بەسلبی هاتیە کەلیمەی صیفە، (وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ) (الصافات ١٨١) (وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) (الصافات١٨٢)، ئەو کەلیمە لە کێ هات ئیضافە کرا؟ لۆ ئیضافەکرا ئەو کەلیمە؟ لۆ ئیستخراج کرا؟ لۆ دروست کرا؟ داعی چ بوو؟ باری تەعالا لە قورئان فەرموویتی فعل وئیسمم هەیە. (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا) (الأعراف ١٨٠) پاشان لە سورەتی حەج ئایاتی چاردەفەرمویتی:(إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ )(الحج ١٤) فیعلی هەیە، تەواو، لۆیێ ئەگەر هاتوو بوعدی بەشەری لە قەضیە هەبی دەستی زەید و عوبێدی تێدا هەبی، وفقی تەصەوروتەفیکری وی هەبی، لەبەرئەوە ئەویش طەبعەن خوا عەفوی کا رەحمەتی خوای لێ بی، ئەویش وەکی مە بەشەرە، نازانی(کەم)مو حەجمی حاجەی من چەندە لەبۆ خوا ناسین، خوا بەس طەبیبی مەیە، خوا شافی مەیە، خوا موهەندیسی داخیلی مەیە، خوا خالیقی صەدری مەیە، قەلبی مەیە، ئەو دەتانی وفقی

حەجم و مقدار تەحدید و تەشخیصی حالەت بکا. لۆیێ بە کوللی ئیحترام و تەقدیرەوە بەڵێ کوتوبی عەقائید ئیستیفادەی لێ دەکرێ، ئەمما فیعلەن بینامان بکا؟ نەخێر، ئەگەر بینای کردباین کافی بوو، ئەو هەموو کوتوبە لە عەقائید و عیلمی کەلام طەبع بووە، بەس تیعداد دەتانم ٢٣ مەدرەسەی فیکری لە عیلمی کەلام تەحدید کەم، هەر لە زەمانی پێغەمبەرەوە مەوجوود بووینە هەتا ئێستاش لا یەزال مەوجوودن وە هەموو گەورەترین موشکیلەیە بالاحری لەناو مەزاهیبی ئیسلامی ئەو قەضیەیە لۆ؟.

کە باری تعالە بەحسی دەکا لە ئایەتی چاردە پاشی مەفهومی (رب) و ئەوانەمان بەحس کرد خالیق و یەکسەر دەفەرمی: (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)(العلق ١٤) کەینێ ئەو بەحسەی دەکا؟ (أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى)، (العلق ٩)، (عَبْداً إِذَا صَلَّى)، (العلق ١٠) بەحسی حالەتەك دەکا، حالەتەك بەشەری و ئەرضی، (أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَى)(العلق ١١) (أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى)، (العلق ١٢)، (أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّى)، (العلق ١٣)) ئەوانە هەمووی حالی سەر عاردن، مەجموعە ئینسانەك لەسەر عاردن، موئمینەکە تووشی ئەو حالەتەی دەبی، لە دروسەکانی زیندوکردنەوەی ئیمان بەحسی ئەو حالەتەمان هەموو کرد، کێ ئەو ئیشەی دەکاو کو دەکرێ و ئەوانە مەقسەدمان ئێستا ئەوانە نییە، مەقسەدمان ئەوەیە کە رب العالمین بەحسی(أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى)(العلق ٩)، (عَبْداً إِذَا صَلَّى)، (العلق ١٠)، (أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَى)، (العلق ١١)، (أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى)، (العلق ١٢)، (أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّى)، (العلق ١٣) ئەو مەجموعە حالەتانە عیلاجی چیە؟ (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)، (العلق ١٤)، (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)، (العلق ١٤) هل یعلم بان الله یری، ئەوە حەللیتی، ئەگەر هاتوو فیعلەن ئەوە بینین سەحبی کەین لەسەر ذاتی خۆمان، زەید من الناس صیفەتەك لەو صیفەتانەی کە باری تەعالا ذکری کرد (كَذَّبَ وَتَوَلَّى)، (العلق ١٣) کیذب صیفەتەکی موستەمررە، موحتەمەلە بە زمان نییە کیذب، فعلیش کذبی هەیە، قەلبیش کذبی هەیە، یەعنی درۆ بەس بەزمان ناکرێ بە دەستیش درۆ دەکرێ بەعەمەل بە قەلبیش درۆ دەکرێ. درۆی قەلب ئەوە مەکشوفە پێویست ناکا ئەمثیلەی لەبۆ بینین، درۆی زمانیش هەر مەکشوفە، درۆی فعل کە رب العالمین خۆی لە قورئان دەفەرمووی: (وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ)(یوسف ١٨) قسەیان نەکرد، حەزرەتی یوسفیان لە ناو جوببی نا، حەیوانەکیان سەر بڕی کراسی حەزرەتی یوسفیان بەوی بە خین کرد هینایان دایاننا لە پێش بابیان، (وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ) هیچیان نەگۆتیە ها(وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ) (یوسف ١٨) فیعلەکە درۆیە ئیشەکە درۆیە، سێ لیقاء پێشی ئێستا لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کرد ئیمامی بوخاری لە کابرای صەحابی لۆ حەدیثی وەرنەگرت فیعلەکی درۆی لێ دیت نەك قەول، یەکسەر فەرمووی: مادام ئەو فیعلە درۆیە موحتەمەلە ئەتو قەولیش درۆ بکەی لەسەر پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم)، مادام درۆت لەگەل حەیوانی کرد موحتەمەلە درۆ لەگەل پێغەمبەریش بکەی، ئیذەن فیعلی درۆش هەیە، (أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ

وَتَوَلَّى) (العلق ١٣)،(أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَى)،(العلق ١١) (أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى)، (العلق ١٢) حەللی چیە؟ (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) ئەوە حەللیتی، أبوبكر الصديق رضي الله عنه وأرضاه، كە گێی لەو حالەتەی دەبی فیعلەن خوا دەیبینی، عیلمەن لێرە باری تەعالا بەحسی بەصیری خۆی ناكا نالێ (إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ)، (لقمان ٢٨) نەء، ئەوەندە ئیحتیاجی هەیە ئیمانە گچكەكەی داخیلیان ئەوەندە ئیحتیاجی هەیە بەس جارێ بزانی خوا دەیبینی، كە خوا دەیبینی، موممارسەی ئەو حالەتەی دەكا بە ساعات، سورەتی سێ یەم كە بەحسی(قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)، (المزّمِّل ٢) دەكا لە بەحسی دروسەكانی چۆنییەتی زیندووكردنەوەی ئیمان لە خزمەتتان بە موفەصصەلی بەحس كرا، رسول الله محمد (صلى الله عليه وسلم) لەگەل الذین (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ) (المزّمِّل٢٠)هەڵدەستان (قیام للیل)یان دەكرد عیلمەن جارێ نوێژ فەرض نەبووە، قورئان بەس سێ سورەتی هاتیتە خوارێ، قورئان سورەتی عەلەق سورەتی قەلەم سورەتی مزمل، شەو هەشت سەعاتە ئەمریشیان پێكرایە هەمووی هەستن بەس كەمەك نەبی، سەعاتەك و دوو سەعات نەبی، باشە ئەو شەوە چیان دەكرد ئەوان؟ نوێژ فەرض نەكرایە قورئان نەهاتیە قورئان بخێنن، ئەو قورئانە بەو كامیلەی كە ئێستا لە خزمەتینە ئەمە نەهاتیە بەس سێ سورەتی دێ هەر دەكا پەرەك، نوێژیش فەرض نەبووە باشە ئەوانە چیان كردیە؟ ئەستێرەیان ژماردیە؟ موممارسەی ئەو حالەتەیان كردیە هاتینە دانیشتینە (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) ئەبوبەكر دەبی ئیحساس لە داخیلی دروست ببی كێوە بچی خوا دەیبینی، أين كان، وكيف ما كان، بە تەنێش بی لە ناو حەمامێ خودا دەیبینی، یری (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤)، موممارسە لەسەر ئەو حالەتەی دەكا. لۆیێ نەماذجی ئەوها دروست بوو، فیعلەن هەر لە ناو مەككە حەفتا نەفەر سێزدە ساڵی كامیل بە حەفتا نەفەر مەشغول بوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم). مەعلومتانە لە دروسی سیرەی پارەكەو بەستر پێرار بەحسمان كرد حەفتا نەفەر ئینتاجی بوو، ئەمما ئەو حەفتا نەفەرە بەو نەوعەی بوو، ئەو حەفتا نەفەرە سییان دەچتە دار الارقم، شەو هەتا سبەینێ دادەنیشی، نوێژ نییە، قیرائەی قورئان نییە، تەهەججود و ئەوانە نییە، باشە شەو بەچ رایبواردیە، رۆژ بە چ لەوێ دانیشتیە، ئەگەر فیعلەن موممارسەی ئەو حالەتانە نەبی، تەشریحی ئەو ئایەتانە لەسەر داخیلی خۆی نەبی، پاشان موممارسە كردنی بە تكرار بە ئیعادە هەتا فیعلەن وەی لێ دێ هیچ لەحظەك غافل نابی لەوەی، (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)یە (العلق١٤) هیچ لەحظەك ئەو حالەتەی بەسەر دانەیێ، هەموو وەقتەك بە هەستان بە دانیشتن بە هاتووچوو بە نووستن هەمووی لەگەر ئەو حالەتەیە (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) بیلا تەشبیەخۆی دەبینی لەبن مجموعە لاقیطاتی باری تەعالا. مەجموعەك بلاجكتۆراتی خوای جل جلالە لەسەر ئەو ذاتەیە، وەفیعلەن وەشە، ئەو جوملە مەلائیكەتە ئیشیان چیە؟ یەعنی مەلائیكەت ئەو ذاتە نابینی؟ كە حەرەكەو نەشاط دەكا فیعلەن، (كِرَاماً كَاتِبِينَ)،

(الإنفطار ١١)، (يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ)، (الإنفطار ١٢) بلاجكتۆراتی خوايه لەسەر ئينسان، ميكرۆسكۆبی خوايه لەسەر ئەو ذاته، لۆيێ نەفەری وەكو موصعەب نەفەری وەكو ئەبوبەكر پاشی ئەو حالەتەی خەطەئيان ئەگەر ببايە زۆر كەم بوو زۆر مەحدود بوو، لۆيێ مەثەلەن كە (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) لە ناو داخيليان دروست بوو. گێمان لێ نەبووە يەكەكی وەكو ئەبوبەكر قومە عارەقەكی خواردبی، عيلمەن عارەق جارێ حەرام نەبووە، خوا نەكا فاحيشەكی كردبی، خوانەكا حەرامەكی

گۆتبی، درۆيەكی كردبی، ئەو حالەتە لە داخيلی فيعلەك لە خاريج دروست دەكا بە مومارەسەكردن و تكرار كردنی وەی دەروا لە ناو سوقی عكاظ (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) ئيذەن نابی ابو بكر غەش بكا، ئيذەن نابی درۆی بكا، خودا دەيبينی، بە چ ئەو حالەتە دروست بووە؟ بەشەو دانيشتيە خودا دەمبينی بە مومارەسەی وەی بە سەعات بە دوو سەعات بە سێ سەعات (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلا) (المزّمِّل ٢). شەش سەعات بەوەی خەريك بووە هەتا فيعلەن بوويتە يەقين لە داخيلی فيعلەن خوا دەيبينی حەقيقەتەن خوا دەيبينی، لە ناو حەمام دەيبينی لەبن بەتانی دەيبينی بە تەنێ بی دەيبينی لەگەل مەجموع بی دەيبينی، كێوە بچی هەر دەيبينی. ئەو حالەتە لە داخيلی دروست دەبی، كە دروست بوو ئيذەن ئەو حالەتە وەكو دائيرەی رەقابە دائيرەی ئەمن لەسەر سەری بەوەی حەرەكە دەكا، بەوەی نەشاط دەكا. ئەبوبەكر شەخصەكە كوتلەك موئەسسەسەك لەسەر سەريتی حەرەكە و نەشاط دەكا، لۆيێ دەقيقە لە تەعابيری خۆی، ئاگای لە زمانی خۆيە، دەقيقە لەسەر خەطەراتی داخيلی خۆشی، قەلبی خۆی، دەستی خۆی، چاوی خۆی، گێی خۆی. لۆيێ ئەو ذەواتانە بەو نەوعەی دروست بوينە، ئەو حالەتە (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) ئەو ذواتانەی دروست كرد، (كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ) (العلق ١٥) بەحسمان كرديە لە چۆنييەتی دروست بوونی ئيمان.(سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ) (العلق ١٨) ئەو هەمووی حالەتی خاصی خۆی هەيە، هەمووی فيعلی خوانە، هەمووی ئەوانە يری فعلی خوايە ئيسم نييە، (سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ) فيعلی خوايە، (لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ) فيعلی خوايە، ئەوە هەمووی مومارەسە دەكا ئەبوبەكر، موصعەب بن عومەير، عبدالرحمن كوری عەوف، هەتا لۆوەی فيعلەن ئەو ذەواتانەيان لێ دەرچی، ئەوە سورەتی يەكەم. بچينە خزمەت سورەتی دووەم (قەلەم) لۆيێ باری تەعالا ئەو حالەتەی لە ناو داخيلی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە سورەتی دووەم حەڤدە ئايەت هاتتە خوارێ لە شەش هەزارو شەشسەت و قسور ئايەت لە حەڤدەمين نۆزدەمين ئايات باری تەعالا خەتم لە ئيمانی رسول الله (صلى الله عليه وسلم) دەدا كە فيعلەن ئيمانەكی مەقبول و مەرضيە، ئەو ئيمانە تەحويل بووە لە بۆ واقيع بە عەمەل عەمەلەكەی لەبەر ئەوەی بەبێ ئەتەكێت بەبێ تەفەننون و دبلۆماسيەت دەيكا بوويتە خولوق تێيدا، لە سورەتی دووەم ئايەتی چارەم دەفەرمی: (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ

عَظِيمٍ (القلم٤) به چ؟ به ممارسەی ئەو حالەتەی كە فیعلەن لەسەری فەرض كرا رسول اللهمُحَمَّدٌ (صلى الله عليه وسلم) بەس لەسەر وان بوو؟ نا لەسەر جەمعی صەحابەش بوو، ئەوەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) كردیتی وفقی ئیرادەی خوای ١٠٠%ی وەرگرت لەو موضوعەی، ئیعجابی باری تەعالا ی پێ بوو باری تەعالا ئەو موصطەلەحە بەس لەبۆ ذاتی پێغەمبەر ئیستعمال دەكا لە مەفهومی خولوق تەعامول بەشرییەت، لۆیێ دەفەرمووی: وَإِنَّكَ حەتتا كەلیمەی ئەوەمان بەحس كردیە وەختی خۆی دیسان تكرار كابرای عەرەب دەلێ وضعت الساعة على لەسەر یەعنی. ئەوە لەسەر وییە، دەفەرمی باری تعالا لە بۆ پێغەمبەری(وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) (القلم ٤) یەعنی خولوق ئەگەر بیكەین بیلا تەشبیە مافورەك خولوقی عەظیم بكەینە مافورەك پێغەمبەر لەسەریتی فەوقی ئا ئەو خولوقەشە بە چ؟ بیستەمین ئایەتە نۆزدە یان بیستە لەشەش هەزار ئایەت دووەمین لیقائی جبریل لەگەل پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەتم لە بۆ ذاتی پێغەمبەر لێ دەدرێ. باشە بەس ئەو حالەتە لەوی مەوجوود بوو، ئەگەر ئەبوبەكریش خولوقی عەظیم نەبی عوظەیمە. ئەمما خولوقی مەرضیە. باشە بە چ بووە مەرضی؟ ئەو هەموو جوملە شتە خراپە لە ناو جاهیلیەت بە دووەمین سورەت باری تەعالا ئیقراری لەسەر بكا، بە چ؟ فیعلەن دیارە (بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) ممارسە كرایە لە داخیلی، ئیحساسی بەو حالەتەی دروست بووە، فیعلەن هەرچی ئینتاجی كردیە عەظەمەت بووە، وە هەرچی كردیتی بە طەبیعی هاتتە دەرێ بەبێ خۆ جوهد سەرف كردن، چونكی وەختی خۆی گوتمان كەلیمەی خولوق دەبی عەفەوي بی نەك تەفەننونی تێدا هەبی ئینسان ضەغط لەسەر خۆی بكا، پیاو كە نانی دەخوا یەكسەر ملاكەكەی لۆ دەمی خۆی دەبا، ئەوە خولوقە، لۆ گێی نابا، لۆ لای ملی نابا، ئەوە خولوقە. بە تیكرار و ممارەسە هەر لە مندالیەوە عومری پەنجا سالە سی سالە ممارەسەی لەسەر ئەو حالەتەی كردیە ئەوە خولوقە. ئەبوبەكر و جوملەی صەحابەی كیرام ئەو حالەتە ممارەسە دەكەن كە خودا دەیانبینی، خودا دەیانبینی بەشەو، خودا دەیانبینی بە رۆژ، خودا دەیانبینی بە مەجموع، خودا دەیانبینی بە تەنێ، ممارەسەی ئەو حالەتەی دەبتە خولوق لە داخیلیان، وەكی كو ملاكی لۆ ناو دەوی دەبا ئەوهاش خولوقەكەی بوویتە عەظیم ئیجابی لە ناو موجتەمەع، ئەگەر خولوقی پێغەمبەری عەزیم بی ئی ویش خۆ مەرضیە. موستەمیر فیعلی تكە هەر لە نەفسی سورەت ئایەتی شازدە سورەتی قلم دەفەرمووی: (سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ) (القلم ١٦) بەحسی مەجموعەك بەشەر دەكا خودا لێیان رازی نییە لە حالەتیان، ئیذەن باری تەعالا ئەمەی ئیهمال نەكردیە، ئەمەی تەرك نەكردیە، كو بەشەرەكانی ئەو زەمانی تەعامولیان لەگەل دەكا بە واقیع و بە حەیەویەت، ئەمەش هەر ئەوهاینە. ئەوجا لەو ئایەتە باری تەعالا یەكسەر قەرار دەدا چی دی لەبۆ ئوممەی (محمد)ی وەك ئوممەی تكە نەكا. مەثەلەن وەلید بن موغیرە موجیرمە باری تەعالا دەبی بەو

نەوعەی عقوبەی بدا ئەمما پاشان قانونی خوای بە دوعای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تەئجيل دەكرێ يا(رب)ی ئوممەی(مُحَمَّدٌ)ی آناً عقوبەيان لێ وەرنەگرێ. لۆيێ وليد بن موغيرە (سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ)(القلم ١٦) واقيعەن باری تەعالا تەعامولی لەگەل دەكا، يەكسەر لە غەزوەی بەدر فيعلەن عقوبەی خۆی وەرگرت. ئەوە سورەت لە مەككە دابەزيە پاشی پازدە سالان باری تەعالا عقوبەكەی لێ وەرگرت، چونكی وەعدی دابوو (سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ) (القلم١٦). ئيذەن باری تەعالا لە واقعی كورەی ئەرزی مە ئێستا ئيش دەكا، باری تەعالا حەيەويەتی هەيە لەگەر مەيە، تەفاعولی هەيە لەگەر مە، عەمەلی هەيە لەگەر مە، ئەگەر (يرى) بی بچينە خزمەت قورئان بەو نەوعەی ئەسمائی خوای ئەفعالی خوای ئيحساس پێ بكەين فيعلەن ئيحساس دەكەين باری تەعالا لا يەزال ئێستاش ئيش دەكا (يرفع اقواما ويذل اقواما)، زۆر كەس تەئديب دەكا بە خۆی يان بە دوژمنی خۆی، قەناعەتتان هەبی، درك، دەرزی ناچتە دەستی ئينسان بە خەريطەی خوای نەبی، (سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ) (القلم ١٦) فيعلی خوايە ئەوە هەمووی مەعانی خاصصی خۆی هەيە لە ليسانی عەرەب إن شاء الله ئەگەر ئيحتياجتان بوو خۆتان موراجەعە ی بكەن. بەحسی جەعل دەفەرمی: (أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ) (القلم ٣٥) دووەمين سورەتە لە قورئان، كابرا كە هاتيە جارێ مؤمين نييە موسولمانە لەداخيلی ئيمان دروست نەبووە. (أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ) (القلم ٣٥)نەخێر كە ئيستيسلامی بوو لە ئايەتەكی تكە دەفەرمووی (سَوَاء مَّحْيَاهُم وَمَمَاتُهُمْ) (الجاثية ٢١) ژيانيان و مردنيشيان نەخێر موقايەسە ناكرێ موسڵمان ئەو سيفەتانەی هەيە، ئيذەن واقعيش دەبی ئيثباتی ئەو سيفەتانە بكا سيفاتی موسڵمان بەس نوێژ و رۆژيەكەی نييە، خولوقيتی. ئەو هەموو قيرائەيە ئەو هەموو مودارەسەيە ئەو هەموو تەفەككورو تەدەببورو تەذككورە لە داخيلی ئەو حالەتە دروست دەكا فيعلەن، دەبيتە نموذەجەك نەوعی لەسەر وجود، لەسەر كورەی ئەرز. ياخود دەفەرمی: (ذرني) لە نەفسی سورەت (فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُم) (القلم ٤٤) باری تەعالا فاعيلە ئيشی مەوجودە (ذرني) ديارە باری تەعالا زۆر تورەو غەضەب گرتيتی لە چ؟ لە ئەفعالی ئەو عيبادانە. لۆيێ دەفەرمی: (أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ) (القلم ٣٥) لێرە قەراری خوای لە قيام الساعە دەست پێ دەكا لەمەو پاش موباشر عقوبەيان لێ وەرناگرم، (أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ) (القلم ٣٥)) لە ئاخيرەت لێيان وەردەگرم. لۆيێ دەفەرمووی: (فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ) (القلم ٤٤)(وَأُمْلِي لَهُمْ) (القلم ٤٥) مەجاليان دەدەمێ پاشان (إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ) (القلم ٤٥)كەليمەی كەيد لە كنەمە بە حيلە هاتيە، (يَكِيدُونَ كَيْداً) (الطارق ١٥)(وَأَكِيدُ كَيْداً)(الطارق ١٦) لە قورئان مەعنای موعالەجەيە، دروست كردنەكی چاك پوختە، ئەوە كەيدی خوايە. خوا دەزانی چ دەكا ئەوە مەفهومی كەليمەی كەيدە، نەك خوا حيلەی دەكا (أُمْلِي) ش ئەوەش هەر فيعلی خوايە جل جلالە يەعنی

مـەجاليان دەدەمـێ، ئينتزاريـان دەكـەم. ئـەوە هـەمووی جوملـەك ئـەفعال و ئەسـمائی خـوای بـوو بەسەريعی لە خزمەتتان ئەوە دووەمين سورەتی قورئان بەحسيان دەكا، ئا ئەوەيە حاجەی مە ئيمانی، تەرتيبی ئيمانی لەبۆ ئەو ئەسماء و ئەفعالانە. وفقی ئەو تەرتيبە قورئانييە حاجاتی مە تەئمين دەكرێ، وەعيلاقـەی صـەحيح و ناضـج دەتـانين دروست بكـەين لەگـەل ذاتـی رب العـالمين. وفيعلـەن دەكـرێ لەمەش ئەو نەماذجە ئيمانييە نەوعيانە دروست ببی كە لە ذاتـی زەمـەنی رسـول الله محمد (صـلی الله عليە وسلم) دروست بووە. دوعا دەكەين لە باری تەعالا هەرچی وەسيلەو ئەسباب هەيە لـە بۆ ئيجاد كردنی ئەو نەوعە ئيمانە ئەو نەوعە (معرفە الله)ە حەقيقيە لە بۆمـان تەسـهيل بكـا، هيدايـەتی كاملمـان بدا، سەبەبی عەوەق سەبەبی مەنعی گەيشتن بە ذاتی رب العالمين لێمان بـە دوور بێخـی. أقول قولی هذا واستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزە عمـا يصفون وسلام علـی المرسلين والحمد لله رب العالمين.